

# بۆرخیس...
# ئێوارەیەکی ئاسایی لە بۆینس ئایرس

**رەووف بێگەرد**

خۆرخە لویس بۆرخیس دیاردەیەکی کەم وێنەی بواری ئەدەبو کولتووری سەدەی بیستەمە. ئەم شاعیرو چیرۆکنووسو وتاربێژو رەخنەگرە ئەرژەنتینییە لە تەمەنێکی زوودا چاوی کزبووەو لە ساڵی 1968دا بە تەواوی بینایی لە دەستداوە، ((باوکیشی هەر لە تەمەنی لاویدا چاوی کزبووە بۆیە لە کار خانەنشین کراوە)) بۆرخیس یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەدیبی ئەمریکای لاتین. رووناکبیرێکی فرە رەهەندو قووڵی کولتووری خۆرهەڵاتو خۆراوایە چ لەسەر ئاستی میتۆلۆژیاو ئەفسانەو تیولۆژیا یان لەسەر ئاستی بیری مۆدێرندا. دەڵێن ئەگەر رووی لە داهێنانی ئەدەبی نەکردایە دەبووە بیرمەندێکی خاوەن میتۆد لەسەر ئاستی دنیادا.

بۆرخیس هەر بە منداڵی لە نێو کتێبخانە گەورەکەی باوکیدا کە زۆربەی هەرە زۆری بە زمانی ئینگلیزی بووە پێگەیشتووە، ئاشنایەتیی لەگەڵ زانستو رەوتی فیکریی سەردەمدا هەر لە رێی ئەم زمانەوە پەیداکردووە. لە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمدا بە خێزانەوە چوون بۆ سویسراو لە شاری جنێف نیشتەجێ بوونو لەوێ

چۆتە زانکۆ. فێری زمانی فەرەنسیو ئەڵمانی بووەو پاشانیش کە چوونەتە ئیسپانیا فێری ئەم زمانەیش بووە.

یەکێك لە هاوڕێ زۆر نزیکەکانی کە شاعیرو نووسەرێکی بەناوبانگەو لە سالّی 1968ەوە بووەتە دۆستی تا ساڵی 1986 کە بۆرخیس دوا کۆچی کردووە– ویلیس بارنستون–ە، ئەم نووسەرە زۆرجار لە شارەکەی ئەودا ژیاوە، لە سەفەرەکانیدا لەگەڵیدابووە، لە نهێنیو چالاکییە رووناکبیرییەکانداو لە ژیانی رۆژانەی تایبەتیو باری سەرنجو بۆچوونە جیاوازەکانیدا شارەزای بووە. بارنستۆن بەپێی شوێنو بۆنەو گرنگیی باسەکان بە هەردوو زمانی (جیدیو شۆخی) کە بۆرخیسیان پێ بەناوبانگە لەگەڵیدا دواوە، بۆرخیس گەلێك لە شۆخیو هێما گاڵتەئامێزەکانی بە دڵکارییەوە لێ قبووڵ کردووە. تەنانەت هەندێ لە گفتووگۆکانیان لەو سنوورە نەچوەتە دەرەوەو لە زمانی یەکدی حاڵیبوون.

ویلیس بارنستۆن کتێبێکی یاداشتنامەی لەسەر بۆرخیس بەناوی– بۆرخیس.. ئێوارەیەکی ئاسایی لە بۆینس ئایرس– نووسیوە، یاداشتەکان ئەمەندە دەوڵەمەندو زیندوون خوێنەر وا هەست دەکات کە خۆی لەگەڵ بۆرخیسدایە، دەستی لە ناو دەستیدایەو بەم لاو ئەولادا دەیگێڕێت. بەشداری لە کۆڕەکانیدا دەکاتو مشتوومڕە فیکریو ئەدەبییەکانی لا بەرجەستە دەبێت. لەم کتێبەدا زیاتر ئەوە دەردەکەوێت کە بۆرخیس لە قسەکردنی ئاساییو باسە ڕووناکبیرییەکانیدا لە ئینسوکلوپیدایەك دەچێت کە کلیکی هەموو زانیاریەکان بەسەر لاپەڕەکانی زەینییەوە بێتو لە چاو ساغێك زیاتر ڕێنمایی خەڵكو خوێنەر بکات، وەك بارنستۆن دەڵێت: بۆرخیس ئەگەر لە کاتی دڵخۆشیدا بووبێت یان ناخۆشی، ماندوو بووبێت یان لە پێکەنیندا هەر دەربارەی ئەدەب قسەی کردووە. باسکردنی ئەدەب بەو مانایە کە ڕستەی بێهوودەی نەوتووەو هەمووی شایانی ئەوەبوون بنووسرێنەوە، ئیتر لە چێشتخانەیەکی بۆینس ئایرسدابووبێت یان لە شەقامێکی سەرەکیی مابوودا، لە ناو فرۆکەدا یان لە نیوەشەوداو لە چایخانەیەکی سەرشەقامی قورتووبەدا. گوێ گرتن لە بۆرخیس وەك ئەوە وابووە کە بەرهەمی بخوێنیتەوە. تەنانەت لە سەرەمەرگیشدا هەر وەك شیعر قسەی کردووە کە وتوویەتی: ((ئەمڕۆ خۆشترین رۆژی ژیانمە)).

بۆرخیس لە هەردوو بواری داهێناندا –شیعرو چیرۆك– نووسەرێکی کاراو بە بەخشش بووە. لە سەرەتاوە شیعرو پاشان دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆك کردووە. بارنستۆن دەربارەی شیعر لێی دەپرسێت کە ئاخۆ شیعر زۆری بۆ دێنێتو ناچاری دەکات بە وتنی یان چۆن! بۆرخیس وەڵامی دەداتەوە: ((نەخێر، من دەگەڕێمو ئەوم لەگەڵدایە تا بەسەرمدا زاڵ دەبێت، پاشان دەینووسمەوە، چونکە ناتوانم لەوە زیاتر لە تاریکیدا بیهێڵمەوە.))

–بۆ؟

–لە بەرئەوەی نابینام توانای تاریك بینیم نییە، نازانم شەو کامەیە، هەموو شتێك لە شوێنێك دەچێت کە بە سەوزیدا بڕوانێت یان زەردەیەکی کازیوە بێت. ئەگەرچی ئەمە بۆ شیعر تاریکستانە، بەڵام لە ڕاستیدا بەو رادەیە تاریك نییە لە سەرمداو دەڕەوێتەوە.

–ئەی کە خەون دەبینیت؟

–خەون بە هەموو رەنگەکانەوە دەبینم، دەزانیت رەنگەکان زۆر تۆخن؟

کتێبەکەی ویلیس بارنستۆن بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بووە، لە بەشی یەکەمیدا (دەنگی کوێرەکە) باس لە سەرەتای ناسینی خۆی لەگەڵ بۆرخیسدا دەکات کە بۆ یەکەمجار ساڵی 1968 لە نیویۆرك، لە (مەڵبەندی شیعر) دیویەتی. بۆرخیس لەوێ داوەتی شیعرخوێندنەوە کراوە، لەوێ دەبێتە هاوڕێی هەمیشەیی بۆرخیسو لەگەڵیدا دەبێت.

هەرچەندە لەوکاتەدا تەواو نابینا نەبووە، بەڵام بۆ هەرجێگایەك چووبێت دەستی بەدەستیەوە بووە.




بارنستۆن لە ڕێگاوبانو دانیشتنەکاندا بەردەوام بۆرخیس دەدوێنێت. دەربارەی زمان، کولتووری گەلانی خۆرهەڵاتو خۆراوا، ئەدەبو ئەفسانە، گەورە بیرمەندو نووسەرانی دنیا. وەك بارنستۆن دەڵێت: قسەکردن لەگەڵ بۆرخیسدا زۆرانبازییەکە لە گەرمیو ڕاستگۆییو لێوان لێو لە ناوازەیی.

بۆرخیس کە باس لە واقیع و خەون دەکات ناتوانێت بە ڕاشکاوی واز لە گۆشەنیگای خۆی بهێنێت کە زیاتر بەلای خەونو زمانی ئەدەبو خوازەدا دەشکێتەوە. ڕاستە ئەو زۆرجار بابەتێکی فەلسەفی یان ڕایەکی ئەدەبی لەسەر ئایدیۆلۆژیایەك یان کەسێك دەدات، بەڵام بەردەوام خەون لۆژیكو زمانی فەلسەفەی بۆ دەکات بە زمانی شیعر، بۆ نموونە کە باس لە دیکارت دەکات واز لەو ڕایانە دێنێت کە لەسەر ئەم فەیلەسووفە وتراون بۆ ئەوەندەی کە خۆی چۆن لێی تێگەیشتووەو دەیەوێت چ شتێکی تازەی لە بارەوە بڵێت. ئەو لە کۆجیتۆکەی دیکارتدا ((من بیردەکەمەوە کەواتە هەم)) باس لەوە ناکات کە ئایا مادە پێش ڕۆحە یان پێچەوانەکەی، یان دیکارت بەم وتەیە چەند لایەنە ئەقڵییەکەی سەخت گرتووە کە بە خەیاڵی ئەمدا نایەت. بەڵکو خۆی دیکارتێك لە کەسێکدا وێنا دەکات کە گومانی لە هەقیقەت هەیە. ئەو کەشفی میتافیزیکای خەونو کابووسی خۆی دەکاتو لە ڕێی کەسانێکەوە دەریاندەبڕێت کە ڕەنگە لای زۆربەی خەڵکی بە (تابوو) بشکێتەوە. بۆ نموونە لە شیعرێکییدا کە ساڵی 1984 بە زمانی ئیسپانی بۆ مەسیحی نووسیوەو یەکێکە لە شیعرە ناوازەکانی بەم جۆرە وێنای مەسیحو خەونی خۆی دەکات:

((مەسیح لەسەر خاچە
هەردوو پێی بەسەر زەوییەوەن
سێ تیرۆژە تیشکەکە لە هەمان بەرزاییدان
مەسیح لە ناوەڕاستیاندا نییە
ئەو سێیەمە لە ناو دوانەکەی تردا
ریشە درێژەکەی بۆ سەرسنگی داکەوتووە
ڕوخساری ئەو دەموچاوە نییە کە لە نیگاردا دەیبینین
ڕووی سەختو یەهودیانە. من نایبینم
بەڵام تا دوا هەنگاوی سەرزەویم بەدوایەوەم
ئەو پیاوە شکستخواردووە هێورو بە ئازارە
ئیکلیلێك درك دایبڕیوەو
سەلای مرۆڤی ناگاتێ کە زۆرجار ئازارەکانیان دیوە
ئازاری خۆیو ئەوانی تر بێ جیاوازی
مەسیح لەسەر خاچەو شپرزەیە
بیر لەو مەملەکەتە دەکاتەوە کە هی خۆی نییە
دەرفەتی نەدرایە بیروباوەڕە لاهوتیەکەی خۆی ببینێت
سیانەی نادیار، غەنووسییەکان، کاتدرائییەکان
چەقۆی ئوسامی ئەرخەوانی
تاجی قەشە

سرووتەکانی قوربانی

بە زەبری شمشێر باوەڕهێنان بە گوسرووم

دادگاکانی پشکنین، خوێنی شەهیدان

خاچپەرستی مرۆڤکوژ

ئەو ڤاتیکانەیش کە دەستخۆشیی لە سوپا کرد.

مەسیح دەزانێت کە ئەو خوا نییەو مرۆڤە

لەگەڵ بەیاندا دەمرێتو بێزاریش نییە

ئەوەی بێزاری دەکات بزمارە پۆلایینەکانە

ئەو نە ڕۆمانییەو نەگریکی

ئەو شین دەگێڕێ

کۆمەڵێك خوازەی سەرسامکەری بۆ بەجێ هێشتووین

بیروباوەڕێك سەر شارە لە لێبووردن

کە دەتوانێت گشت رابووردوو بسڕێتەوە

رۆحیش خێرا بەدوای کۆتایی هاتنەوەیە

یەکێك رەش داگەڕاوە

وا ئێستا مردووە

هێدی هێدی مێشێك بەسەر جەستەیدا دەڕوات

من چ خێرێکم لە ئازارکێشانی ئەو پیاوە دیوە

کە خۆیشم ئێستا ئازار دەچێژم!)).

لەم قەسیدەیەدا بۆرخیس بەوە سەرسام نییە کە مەسیح پەیامبەرە یان کوڕی خودایەو دوای مردن زیندوو کراوەتەوە، وەك لە تیولۆژیادا هاتووە، بەڵکو ئەو مەسیح وا وێنا دەکات کە مرۆڤێکی ئاساییە، بیر لە ژیانو ژنو دەوڵەت دەکاتەوەو حەزی بەسەرکەوتنە، ئێستا لەسەر خاچەو ئازار دەچێژێت، وەك ئەنجامیش کە ئەم وەك –بۆرخیس– لە ئازاردا بێت ئیدی چ سوودێکی لە ئازاری ئەو دەستکەوتووە! بەو مانایەی کە هەر کەسەو وەك ئەنجام بەر ئازاری خۆی دەکەوێتو نابێتە کولتووری بۆ رەواندنەوەی خەمی خەڵکی، یان بۆرخیس دەیەوێت لە ئازار چەشتندا خۆی بە مەسیح بچوێنێت.

کەواتە لە مەسیحدا تەنیا لەخاچدانو چەمکی هەڵکردن (تسامح)و هەندێك دیمەنی تراژیدی رووداوەکە وەرگیراوە، پاشان مەسیح بووە بە خەونی بۆرخیس وەك چۆن هەمان کاری لەگەڵ دیکارتو سپینۆزا دا کردووە.

لە بەشی (ئێوارەیەکی ئاسایی لە بۆینس ئایرسدا) بارنستۆن باس لە دیدارێکی تری ساڵی 1975ی خۆی دەکات لەگەڵ بۆرخیسدا، ئەم دیدارە هەر لە بۆینس ئایرسی زادگای بۆرخیسە کە ئەم شارەی زۆر خۆش دەوێتو لە شیعرێکیدا دەڵێت:

((بەنیسبەت منەوە ئەوە تەنیا خورافەیە کە بۆینس ئایرس سەرەتایەکی هەبێت. من وا هەست دەکەم ئەم شارە نەمرە وەك ئاوو هەوا)) بارنستون دیمەنەکەی وا بەرجەستە کردووە: بۆرخیس لە پشت دەرگای ژوورەکەو لە پاڵ وێنە زەیتییەکەی دایکییەوە وەستاوە، ئاسایی بەرگی ڕەشی لە بەردایەو تەنیا قەیتانی تاکێك لە پێڵاوەکانی بەستراوە. گۆچانی پێ نییە، لە نێوان رەنگی جلەکانیو دەموچاوە لاوازو هەڵبزڕکاوەکەیدا پارادۆکسێکی ئاشکرا هەیە. زەردەخەنەی لەسەر لێوەو چاوە نابیناکانی لە درەوشانەوەدان. دەستی ئەم دەگرێو بۆ دانیشتن بەرەو لای قەنەفەیەکی دەبات. بارنستۆن لە پاڵ ڕەفەی کتێبخانەکەیدا دادەنیشێتو بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە لەو ئاپارتمانەدا لە ناو هزرو جەستەی خۆرخە لویس بۆرخیسدا ژیاون. کتێبخانەکە– لە منداڵیدا بیری بەهەشتی لای بۆرخیس بەرجەستە کردووە– کتێبە ئینگلیزییەکانی باوکی تیایە. ژوورەکەی دایکی لە باخچەیەکی ئیسپانی دەچێت کە داگیرکەرانی سەدەی هەڤدەو ژانراڵەکانی سەدەی شانزە لە دەشتاییەکاندا شەڕی دیکتاتۆریەکانیان تیاکردووە. بە سەدان بەرگ کتێبی تێدایە کە زۆربەیان دەچنەوە بۆ سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم.

لە یەکەم دانیشتندا –وەك بارنستۆن دەڵێت– بۆرخیس سەرومڕ باسی زمانو فەلسەفەی دەکرد– بیری دەکردەوەو گاڵتەی بە بەهرەو پێگەی خۆی دەهات. وەك پیلانگێرە کۆنەکان بێ وەستان مشتوومڕمان بوو، پێدەکەنین. نەخشەی گەلێك ئازارو هاوکاریمان دادەنا.

بۆرخیس لەم دانیشتنەدا دەربارەی خۆی بە بارنستۆن دەڵێت: ((دەزانیت من هەرگیز ئەو نووسەرە نیم کە خەڵکی تێمگەیشتوون، من بێ خەیاڵم، ناتوانم کاراکتەر دروست بکەم، تاقە کەسایەتییەک کە بتوانم دروستی بکەم خۆمم، یان فیونیسە کە ئەویش هەر خۆمم، بەڵام ناتوانم هیچ بکەم کە خەڵکی بە هەڵە لە من بگەن، ئەوان بە هەڵە لە من گەیشتوون، هەرچەندە نازانم بۆ، بەڵام بەو هەڵانەی ئەوان دڵخۆشم، وەلێ ئەوان لە بڕیارەکانیاندا لە ڕاستی دوورن))

بارنستۆن پێی دەڵێت:

—پێویستە نهێنی خۆ بە بچووکزانینەکەت بخەیتە ژێر کڵاوەکەتەوە.

—ئەگەر بەڕاستی کڵاوم لە سەردا بوایە. دەبێت هەر لە سەریشی بکەم بۆ ئەوەی ئەو تۆزە رووتاوەییە بشارمەوە کە بەسەرمەوەیە.

—ئەی لووتت چۆن دەشاریتەوە؟

—لووتم. ئاوا. سەرنجی ئەوەیشت داوە! ئەوە تەنیا پارچە گۆشتێکی رەنگییە، بەڕاستییش چەسپێکی ترسناکە.

—کۆفیدۆ بەختەوەر دەبێت ئەگەر بۆی بلوێت وەک نموونەیەک لووتت بکات بە بابەتی داشۆردن. بۆ قەسیدەیەکی تۆڵەسێنی ناپەسەند.

—باشە تۆ لەو باوەڕەدایت لووتم شایانی ئەوەبێت سەرنجی فرانسیسکۆدی کۆڤیدو رابکێشێت؟

—نەخێر. بەڵام ڕەنگە بتوانین لەگەڵ سۆزانیو قەشە بەدکارەکاندا بتانئاخنینە سووچێکەوە، یان لەگەڵ لووتە ئەستوورەکەی ((گنوگۆر))دا کە کۆڤیدو دەڵێت بەرئەنجامی ئەوەیە کە ((گنوگۆڕ حاخامێکی جوولەکەیە)).

لێرەدا بۆرخیس چەند دێڕێک لە شیعرەکەی کۆڤیدۆ دەخوێنێتەوە:

بۆ بەخراپی باس لە زمانی گریک دەکەیت

کە تۆ بۆخۆت تەنیا حاخامێکی جوولەکەیت؟



پۆرترێتی بۆرخیس

ئەمە راستییەکە کە لووتت ناتوانێت نکوولی لێ بکات.

دوایی باسی شاعیری سەردەمی زێڕینی ئیسپانیا فرانسیسکودی کۆڤیدۆ دەکات کە شاعیرێکی سەرکێش، یاخی لە پێشەو لە مرۆڤ، لە هونەرەکەیدا مەزنو میتافیزییەکی قووڵ، رەشبینو پۆخڵ، هەوەسبازو لە هەمانکاتدا عاشقێکی نائومێد بووە، بۆرخیس دەڵێت: بۆ ماوەیەک کوڤیدۆم لە گشت نووسەرانی دی زیاتر خوێندۆتەوە، ئەو هەمیشە شاعیرێکی باروکیو سریالی بووە، لویس دی گۆنگۆرای دادەشۆرد، چونکە یەهودییەکی لە ئاین هەڵگەڕاوە بووە. ئەم تۆمەتە بەسەر هەموو ئەو یەهودیانەدا پراکتیزە دەکرێت کە لە سەردەمی زێڕینی ئیسپانیادا بوونو لە نووسەرانی سەردەمی خۆی بوون، وەک حەنای مەعمەدانی، قەشە تیریسادی یەسوعی، فرای لویس دی لیون، هەموو ئەمانە لەو زەمینەوە هاتوون کە یەهوودیی هەڵگەڕاوەن.

بۆرخیس خۆزگە دەخوازێت کە یەهودی بوایە، تەنانەت دڵی بەوە خۆشە کە ناوی دایکی— ئسفیدو—

ناوێکی تەوراتیی سالونیکاییە، بارنستۆنیش بەخۆی دەڵێت: من یەهودیم، بەڵام ناوەکەم لە جوولەکە ناچێت، لووتم بچووکو ئاساییەو لە تاقیکردنەوەی کۆفیدۆدا دەرناچێت. من یەهودییەکی سەرنەکەوتوومو لەسەر شێوازە ڕاستەکە نیم، کەچی من لەو کەسایەتیانەوە نزیکم کە تۆ خۆشت دەوێن: سپینۆزا، هانریش هاینە، کافکا، منو تۆیش هەر لە هەمان جانتادایین.

لە ڕاستیشدا بۆرخیس زۆر سەرسام بووە بە سپینۆزا، سێرڤانتس، بۆدلێر، کافکا، مەسیح، هانریش هاینەی شاعیری ئەڵمانی، شۆپنهاوەری فەیلەسوفو کتێبی هەزارو یەك شەوە.

بارنستۆن باس لەو سۆناتانە دەکات کە بۆرخیس بە زمانی ئیسپانی نووسیونیو چاپی کردوون، بەڵام بەدڵی بارنستۆن نینو ئەو بە کلاسیکو شێوازی نا پەتریارکیان ناودێر دەکات. شیعرەکان هێند تێکچڕژاون کە تەنیا وەك قسە دەتوانیت بیانخوێنیتەوە، فۆرمەکەیان تاڕادەیەك نادیارە، حیکایەتنو لە شێوەی سۆناتادا دەیانگێڕێتەوە.

بۆرخیس دەڵێت: سۆناتای باش دەبێت نەبینراو بێت. دەبێت هەست بە شێوازەکەی بکەین، بەڵام ناکرێت بەردەوام نەبینراوبێت. لە ڕاستیدا من لە ئیسپانیدا سەروای ئاسان بەکاردێنم، سەروای ئاشکرا کە هەموو دەیزانێ. هەرچۆنێك بێت، لێرە، لە ئەرژەنتین کەس شیعر ناخوێنێتەوە، بۆیە من ئازادم لە هەرشتێك کە دەیکەم)).

بارنستۆن دەڵێت:

((ڕاستە تۆ ئازادیت، بەشێوازی تایبەتی خۆت گەلێك شتت کردووە کە ویستووتە، تا ئەو ڕادەیەی کەس نازانێت تۆ چیت. هەندێك جار بە سەرسامییەوە دەپرسم: ئاخۆ تۆ لە هەموو نووسەرەکانی سەردەم زیاتر مۆدێرنو ئەزموونگەرتریت یان لە هەموویان زیاتر گۆشەگیریت؟ یان هەردووکیانیت؟ ئایا تۆ شیعر دەڵێیت یان پەخشان؟ لە سەرەتای دەقێکی خۆتدا دەڵێیت کە جیاوازی لە نێوان شیعرو پەخشاندا ناکەیت)).

بۆرخیس قسەکانی پێ دەبڕێتو دەڵێت: ((نەخێر، من جیاوازی لە نێوان شیعرو پەخشانی خۆمدا ناکەم، بەڵام خەڵکەکە دەیکەن)).

((من باوەڕم وایە تۆ جیاوازی لە نێوان شیعرو پەخشانتا دەکەیت، بە تەواوی نەك لە فۆڕمدا بەڵکو لە دەنگدا، کە شیعر دەنووسیت هەموو ئەو کەسانە نیت کە لە چیرۆكو وتارەکانتان، گشت بۆرخیسە دوورەکانیش کە تۆ توانای دیاری کردنیانت نییە. من لە شیعردا شەخسی بۆرخیسم لاپەسەندە، بۆرخیسێك کە یاری بە مێژوو و زمان دەکات یان ئەوەی جوانی سپینۆزاو سویدنبرگ بەرجەستە دەکات، یان خودی خۆت بەو سۆزە پڕەوە کە لە چیرۆکەکانتا هەیە)).

پاشان بۆرخیس دەڵێت:

((هاوڕێکانم پێم دەڵێن شیعرەکانم ئەوەندە باش نین، ئەوان دڵسۆزن، نییەتیان پاکە، دەیانەوێت یارمەتیم بدەن، داوای نووسینی زیاتری چیرۆکم لێ دەکەنو ئەوەیش کە کاتی خۆم لە شیعردا بە هەدەرنەدەم، بەهەرحاڵ، حەز دەکەم پێیان بڵێم کە من یەکەم شت خۆم بە شاعیر دەزانم)).

بارنستۆن وەڵامی دەداتەوە:

((تۆو سێرڤانتس وابیر دەکەنەوە کە پێش هەرشتێك شاعیربن، بەڵام میگیل دی سێرڤانتس هەرگیز لەسەر هەق نەبووە کە شاعیرێکی ناوازە بێت، بڕوانە چۆن لە ((دۆن کیخۆتە))دا بڕگەی شوانکارانەی وادێنێت کە هەناسەی ڕەوانبێژیی درێژی تیایە (ئەلگالتایا) ئەمە لەو خوێندەوە فانتازییەو وروژێنەرانەیە کە ئەقڵی لە سەری ئەلونسو کویجا نودانە هێشت، (ئەگەر (ئەلگالتایا) بخوێنمەوە منیش ئەقڵم لە سەردا نامێنێت. سێر ڤانتس شاعیرێکی تەقلیدی بێزارکەرە، بەڵام گومان لەوەدانییە کە کتێبی خەونبینێکی نووسیوە)).

((تۆش خەون دەبینیت، ئەگەرچی هێشتا شێت نەبوویت)).

((خووم بە خەونەوە گرتووە، حەز ئەکەم پێت بڵێم کە خەون بۆتە پیشەم. بەڵێ، بڕوام وانییە شێت بم، بەلایەنی کەمەوە شێتیەتییەکی ناوازە لەسەر شێوازی ئەلونسو کویجانو، بەڵام بۆ نابێت وەك کویجانو شێت بین کە نووسەری ڕاستەقینەی ((دۆن کیخۆتە))یە؟ مرۆڤ ناتوانێت لەو کەسایەتییە جوامێرو گەوجە باشتر بەرهەم بهێنێت)).

لە سەردەمی بیرۆنی حوکمڕانی ئەرژەنتیندا بۆرخیس کێشەی بۆ دروست بووەو بە تەنگ هاتووە، لە بەر ئەوەی نووسەرێکی ئازاو ڕاستگۆ بووە، ئەو بیرۆنی بە (نازی) لە قەڵەم داوەو تەنانەت ڕەخنەی لە پاپلۆ نیرۆدای شاعیر گرتووە چونکە لە دژی بیرۆن قسەی نەکردووە لە کاتێکدا خۆی بە کۆمۆنیست زانیووەو بیرۆنیش دوژمنایەتیی کردوون.

لە سەردەمی بیرۆندا بۆرخیس لە بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی بوینس ئایرس دەرکرا کە خۆی کارەکەی زۆر خۆشدەویست. بۆیە ئاماژە بۆ ئەو سەردەمەو باری ژیانی خۆی دەکات. کاتێك کە بە شەقامێکدا تێدەپەڕیو هەموو ئەوانەی دەوروبەری دەیناسن و سڵاوی بۆدەکەن، لە کاتێکدا دەزانن ئەم نووسەرە دژی پارتەکەی بیرۆنەو ئۆپۆزسیۆنە، بەڵام ئەوان لە هەر دەقیقەیەکدا دەهاتن و تەوقەیان لەگەڵدا دەکرد، تەنانەت پیرێك لێی نزیك کەوتەوەو وتی بەختەوەرە بەوەی هێشتا لە ئەرژەنتیندا کەسێکی دلێر ماوە کە قسە لەسەر سیاسەت بکات و ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە.

بۆرخیس هەڵسەنگاندنی بۆ کۆمەڵێك شاعیرو نووسەر بەم جۆرەیە:

((ئەلیوت شاعیرێکی چاکە، بەڵام ڕەخنەگرێکی بێزارکەرە. فرۆست شاعیرێکی نایابە، وەك براونینگ، روبەرت فرۆست بە زمانی سادە، بەڵام قووڵ دەنووسێت. ئەزرا پاوەند ئەکادیمیەکی سەخیفە، شیعریشی شایانی باسکردن نییە. نیرۆدا لە سەرەتاوە ئەم هەموو قەسیدە ویژدانیو غەزەلە سووکانەی نووسیوەو ناوی لێ ناون (بیست شیعری خۆشەویستیو یەکێکی نائومێدی) کە بوو بە کۆمۆنیست شیعرەکانی بەهێزتربوون، بەڵام نیرۆدا وشەیەکی دژی بیرون نەوتووە لە کاتێکدا کە بیرون ئازاری کۆمۆنیستەکانی ئەرژەنتینی دەداو بۆ بەستەڵەکی باتاگۆنیای دەناردن، وەلێ نیرۆدا شاعیرێکی دەگمەنە. بەڕاستی شاعیرێکی مەزنە، دەبوو خەڵاتی نۆبڵ بدرێت بەو نەك بە میگیل ئەستوریاس)).

نیرۆدا لە وەڵامی ئەم قسانەی بۆرخیسدا دەڵێت:

((بۆرخیس شاعیرێکی گەورەیەو بۆ ئەمە سوپاسی خودا دەکەین، بەڵام لە بەر ئەوەی کەسانێك دەیانەوێت من لەگەڵ ئەودا بەشەڕ بدەن، هەرگیز ئەو شەڕە ناکەم. ئەگەر بۆرخیس وەك دایناسۆر بیربکاتەوە ئەمە پەیوەندیی بەبیرکردنەوەی منەوە نییە، ئەو بەوە نازانێت لە دنیای تازەدا چی ڕوودەدات، وایش دەزانێت من تێ ناگەم. وەك ئەنجام هەردووکمان هاوڕاین)).

بۆرخیس ییتس بە شاعیرێکی باروکی مۆدێرن ناودەبات، ئمیل دیکنسونیش بە شاعیرێکی یاخی.

لە بەشی (وانەی کۆنی ئینگلیزی))دا بارنستۆن لە چەند مەسەلەیەك دەدوێت کە پەیوەندیان بە ژیانی تایبەتی بۆرخیسو چالاکییە ڕووناکبیرییەکانییەوە هەیە. سەرەتا باس لە وەرگێڕانی قەسیدەیەکی دەکات لە لایەن بارنستۆنەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، کە بۆرخیس بۆ سپینۆزای وتووە. دیارە بۆرخیس لە وەرگێرانەکە قایل نییە بەتایبەتی کێشی شیعرەکە، بارنستۆن ئەوەی بۆ روون دەکاتەوە کە بۆ ئەو سەردەمەو بۆ زمانی ئینگلیزی ئاهەنگی ناوەوە گرنگە نەك کلاسیزمە باوەکە.

هەروەها باسی خۆئامادەکردنی بۆرخیس دەکات بۆ چەند وتاربێژییەك لە زانکۆی میشیگان کە دەبێت بارنستۆن لەگەڵیدا بێت و هاوکاریی بکات. یەکەم بابەت باسی ژنە.

بۆرخیس لە ژیاندا گەلێك هاوڕێی ژنی هەبووە، بەڵام هاوڕێی ئەدەبی، بێجگە لە یەك دوانێك کە لە تەمەنی

لاویەتیدا پەیوندیی پێیانەوە هەبووە. ژنە هاوکارە ئەدیبەکانی ئەوانە بوون کە بەشداریی کتێبیان لەگەڵدا کردووە، هاوڕێی سەفەری بوون، یان خوێنەرو کۆپی کاری بەرهەمەکانی بوون. نورای خوشکی‌و لیونوری دایکی کە زیاد لە 30 ساڵ لەو ئاپارتمانەدا لەگەڵیا ژیاوە تا هەر لەوێو لە تەمەنی 90 ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. بەپێی لێکدانەوەی (مونیگال) کە کتێبێکی لەسەر ژیان نامەی بۆرخیس نووسیوە، ئەو ژنانەی پەیوەندییان بە بۆرخیسەوە هەبووە نە عەشیقەی بوون‌و نە پەیوەندیی خۆشەویستی قوڵ یان درێژیان لەگەڵیا بووە، بێجگە لە (ماریا فازکویزی) یارمەتیدەری ئەدەبیی، کە دایکی بۆرخیس نەیهێشتووە بیهێنێت‌و دوای نزیکەی چل ساڵ بووەتە هاوسەری.

بارنستۆن بە درێژیی باسی ژوورەکەی دایکی بۆرخیس دەکات کە لە دوای مردنییەوە بەکارنەهاتووە. ژوورێکی ڕوو لە هەتاو، پەنجەرەکانی بەسەر ئەو تەلارانەدا دەڕوانێت کە لە سەدەی نۆزدەدا دروست کراون. ژوورەکەی خودی بۆرخیسیش کە تاڕادەیەك لە زیندان دەچێت، ژوورێکی بچووك‌و تەواو تاریکە، پەنجەرەی داخراوە، بێجگە لە تەختێکی خەوتن سەیارو وێنەیەکی (سۆزانا بامیل)ی ژنە ڕۆماننووسی چیلی کە بۆرخیس سەرسامیەتی‌و، وێنەی کچە نووسەرێك کە لەسەر مێزەکەیەو بۆ بۆرخیس پێدەکەنێت چیتری تیا نییە. ژوورەکەو قەرەوێڵەی نووستنەکەی کە خۆی لەسەر چەند سپرینگێکی ناسك‌و کۆن ڕاگرتووەو هاوسەنگیی نییە، هۆکاری سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی ئەو مۆتەکانەی نووسەر بەرەو دنیای خوارەوە لێژ دەکەنەوەو چیرۆکی (خەون)ی پێ دەنووسن، وەك چیرۆکی (خەون)و قەسیدەی (کابووس).

خەونم بە پادشایەکی دێرینەوە بینی
تاجەکەی پۆلاو ڕوانینی مردوو بوو
ئێستا ڕووی وا دەست ناکەوێت، لە وانەیە
شمشێرە پتەوەکەی پاسەوانیی بکات
کە وەك سەگەکەی ملکەچیەتی
نازانم ئەگەر ئەم پادشایە
لە نەرویژبێت یان لە هۆڵەندا
بەڵام خەڵکی باکوورە، ئەمە دەزانم
ریشە سوورەکەی سنگی داپۆشیوە
بەڵام نا، چ سەرنجێکی دیوە نابیناکەی بەرەو من نییە
لە کام ئاوێنەی کوژاوەو کام کەشتی سەر دەریاوە
ئەم پیاوە خەمبارو شپێرزەیە دەتوانێت
سەرکێشی بە گەشتەکەی بکات
خەمەکانی رابووردووی بەسەرمندا بسەپێنێت؟
دەزانم ئەو خەون دەبینێت‌و سزام دەدات.
دەوەستێت‌و گوێ هەڵدەخات
شەو دەبێت بە ڕۆژ بەڵام ئەو هەر لە وێیەو ناڕوات.

خەون‌و ئاوێنە دووڕەگەزی گرنگن کە هەمیشە ئامادەگییان لە شیعرو چیرۆکی بۆرخیسدا هەیە، خەون نەخشەیەکە بە جوگرافیای زۆربەی زۆری کارە ئەدەبیەکانییەوە، وەك نموونە بڕوانە چیرۆکی -چاوەڕوانی-و وێرانە بازنەییەکەو-و- یادەوەرییەکانی فونیس-و- نەمرەکە-.. ئاوێنەیش وەك خۆی دەڵێت:

((سەرچاوەی سروش‌و ئارەزوویەتی، ئاوێنە هەردووکیانت دەداتێ، دەشێوێنێت‌و ساختەکارە، بۆ ڕوودان هەموو شتێکە، بەڵام بۆ یادەوەری هیچە. ناتوانێت زمان بگرێت‌و بێبەشە لە یادەوەری، ئاوێنە هەمیشە ئێستایە وەك خودی زەمانی دەرەوە، وەك دەقی حاخامەکانیش لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێنرێتەوە))

((ئەو دەموچاوە ناناسم کە ئاوڕم لێ دەداتەوە
کاتێك لە ئاوێنە دەڕوانم

ئەو پیاوە پیرەیش ناناسم کە لە نێو شەوقی ئاوێنەدا بە بێدەنگی‌و ڕقە شەکەتەکەیەوە پیلانم لێ دەگێرێت...

بڕوام وایە ئەگەر بمتوانیایە دەموچاوی خۆم ببینم

لەم نیوەڕۆ دەگمەنەدا ڕاست خۆم دەناسییەوە)).

نابینایی بۆرخیس دەوری گرنگی هەیە لە خەون بینین‌و پەنابردنە بەر ئاوێنە. هەردوو ڕەگەزەکە دروست کردنی دنیایەکن کە لە ناوەوەی ئەودا دنیای دەرەوەی بۆ وێنا دەکەن. ئەو ناتوانێت ئەم دنیایە بە چاوی ڕاستەقینە ببینێت، بۆیە لە ڕێگای ئەو دوانەوە بەرجەستەی دەکات، بەڵام بە فانتازیایەکی نایاب‌و تایبەتی نەك وەك ئەوەی هەیەو چاوی ئاسایی دەیبینێت.

لە بەشی (قورتووبەی دوورو تەنیا)دا بارنستۆن ڕووداوی ساڵی 1975 دەگێڕێتەوە، ئەو کاتە ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئەرژەنتین وەك دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیدا دەکرد، ئەوانەی دژی فەرمانڕەوایی بیرونن چەند بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنیان بۆ لێدانی ئۆردوگای سەربازی‌و ئەمنییەکانی دەوڵەت‌و بەندەرو مۆڵگاکانی پۆلیس پێکهێناوە، بەتایبەتی قوتابیان کە بەردەوام لە خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و پەلاماردانی دەزگا دەوڵەتییەکاندان. لەو وڵاتەدا کە ئاگرو ئاسن حوکمی دەکات ڕۆژانە هەزاران کەس گوم دەبن. یان دەفرێنرێن یان لە تاو مەرگو گرانی ڕەهەندەی وڵاتان دەبن.

بارنستۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەگەڵ هەقیقەتی سەرکوتکردن‌و شەڕی ناوخۆدا کە ناوی- شەڕی قێزەون-ی لێ نراوە، بەڵام بوونی مرۆڤو مانەوەی لە ئەرژەنتیندا سیحرێکی بە هێزی تیابوو، بەدبەختی‌و مەینەتییەکانی وڵات. شەڕبێت یان شۆڕش، یان هەر جۆرە توندوتیژەییەك کە لە داهێنانی مرۆڤ بێت یان سروشت، جۆرە شەڕێکە لە پاڵ مردندا)) ئەمەیش بە هەموو کەسێك ناکرێت، ئەوانەی لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیاندا ئازاری جەنگو ڕاپەڕین‌و برسیەتی‌و ئاوارەیی دەچێژن لەوە خاڵی نین کە ئەفسوونێکی تایبەتی‌و دەگمەنیان تێدا بێت.

بارنستۆن وا باسی خۆی لەم بارەیەوە دەکات : ((دوو ساڵی ئاژاوەی یۆنانم لە یادە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا. ساڵێك لە ئیسپانیای دوای حوکمی فرانکۆ کە قۆناغی سەرکوتکردنی ئازادی بوو، مانگێك لە چین لە کاتی شێت گیریەکەی- شۆڕشی گەورەی ڕووناکبیریدا، لەگەڵ ئەوەدا کە کەسی چاودێر ناخۆشی‌و ئازار دەچێژێت و من دان بەم ڤایرۆسەدا دەنێم، بەڵام لەو ساڵە خراپانەدا بوونی من لەو وڵاتانەدا ئەزموونێکی زۆر سەخت بوو، لە ئەرژەنتینیش لەگەڵ بۆرخیس‌و ئەو هاوڕێیانەدا کە پێکەوە دەژیاین‌و ئازارمان دەچەشت.

بارنستۆن بەشێکی ئەو یاداشتانەیش دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ بۆرخیس‌و چەند هاوڕێیەکی تریدا لەو سەفەرەدا کردوویەتی، وەك وتار بێژییەکانی خۆی لە زانکۆی بۆینس ئایرس، پەیوەندیی بۆرخیس بە هاوڕێ‌و نووسەرانی وەك دی جیوفانی، دونالدییتس، کارلۆس کوتینیس، ئەنتۆنی کیریگان کە لە ڕێگای وەرگێڕانی چەند کتێبێکەوە بۆرخیسی بە دنیای ئینگلیزی زمانەکان ناساندبوو. شەوانە خۆیشی بەردەوام لەگەڵ بۆرخیسدا کار ی کردووەو لە دوای نیوە شەوەوە کیبلینگو هنری جێمس‌و لاس ستیڤن‌و شیعری گریك‌و چینی بۆ خوێندۆتەوە.

بۆرخیس چەندە نووسەرێکی جیدییەو وەك دەڵێن لەسەر زەین کاردەکات، ئەوەندەیش گیانی گاڵتەی تیایەو لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا توانای سەرکێشانە ناو ئەو مەسەلانەی هەیە، بۆ نموونە هەر لەم بەشەدا ئەم گفتووگۆ گاڵتە جارییە لەگەڵ بارنستۆندا سازدەکات.

بۆرخیس بەبارنستۆن دەڵێت: ئایا تۆ گۆرانی باڵندە دەزانیت؟

—من قەدیس فرانسیس نیم، مەبەستت ئاوازی جوانە؟

—نەخێر. وشە، زمان، بێگومان باڵندە شتێك دەڵێت، تۆ لات وایە باڵندە هەموو ئەو ئاوازانە لە پێناوی هیچدا بڵێت؟

—ئەی تۆ لە ناڵەی هوزار تێدەگەیت؟

—بەپێی هەستی مۆسیقایم من زیاتر حەزم لە دەنگی قەلەڕەشە

—لە زیوریخ کەڵەشێرێك هەبوو بەناوی جۆرج، بەردەوام وەك تووتی دەپەیڤی، تۆ بڵێی لە تووتی باشتر. زۆر

بەشێوەیەكی ئاسایی قسەمان لەگەڵ یەكدیدا دەكرد. جۆرجی كەڵەشێر تەنیا گرنگی بە كرمو كەشوهەوا دەدا. ڕەنگە ئەم جۆرجە لەو سویریە بكا كە لە تۆ دەچێت؟

بۆرخیس وەڵامی دەداتەوە:

—بەڵام تائێستا كەس نەگەیشتۆتە ئەوەی كە من بتوانم بە چاكی قسە لەگەڵ كەڵەشێردا بكەم. من شتی وام بەبیردا نایەت، خەونیشم بەوەوە نەدیوە كە مشتوومڕم لەگەڵ كەڵەشێردا كردبێت. وەك دەزانیت من مۆدیلی كۆنم، بەڵام ئەگەر تۆ پلەی جۆرج بەرز بكەیتەوە بۆ ئاستی قەلەڕەش ڕەنگە بیر لەوە بكەمەوە كە قەلەڕەشە سویسرییەكە هاوشێوەمە.

—هەرگیز ئەوە ناكرێت.

—ئیدگار ئالان پۆی نەگبەت، من زۆری قەرزارم. گشتمان قەرزاری ئەوین. بەهەرحاڵ ئەو داهێنەری چیرۆكی پۆلیسیە، بەڵام گوێ بگرە، ئەگەر ناتوانیت لە گۆرانیی باڵندە بگەیت، یان هەر لە خودی باڵندە بگەیت، ئاگاداربە، ئایا جارێك بیرت لەوە كردۆتەوە كاتێك كە باڵندە گوێی لە قسەی منو تۆ دەبێت بیر لەچی دەكاتەوە؟ من دەزانم بەدحاڵی بوونێكی قووڵ لە نێوان باڵندەو مرۆڤدا هەیە. بێگومان ئەو باڵندەیەی گوێی لە منو تۆ بێت بە هیچو پووچمان دەزانێت.

—ئەمە ڕاستە، ئەگەر من باڵندە بوومایە تووشی بێهوودەییەكی گەورە دەبووم بەرانبەر بە دەنگی مرۆڤ، بەتایبەتی دەنگی تۆ، بۆرخیس، بێگومان باڵندەكان هەواڵی دەنگە قەبەكەت دەگەیەننو دەڵێن ئەم شەپیووری زریانە كێیە، ئەمە لە بۆقێكی پیری نێو چاڵێك دەنگی ناخۆشترە.

—بارنستۆن، لەوە دەچێت تۆ خۆت بۆ كارێك ئامادە كردبێت، دەتوانم بڵێم تۆ هاوڕێی ئەو كەڵەشێرانەیت كە لە پالێرمو شەڕ دەكەن.

—بۆرخیس تۆ شەرەفێكی گەورەم پێ دەبەخشیت، وەلێ زۆر گەوجیت، تۆ تەنیا بیر لەوە بكەوە كە من لە شەڕی كەڵەشێرە گەورەكانی شارەكە، شاری پالێرمو تێوە گلاوم، بەڵام با زیاتر وردیكەمەوە، دەبێت ئەوە بڵێم كە تۆ تەنیا كوێرێكی پیرو سادەیت، چۆلەكەیەكی بچووك ئەمەی پێ وتم.

بارنستۆن باس لە وەیش دەكات كە لە وكاتەدا بۆرخیس بانگهێشتی وتاربێژیەك كرابوو لە شاری قورتووبە، لەسەر بابەتی زەمان، دەبوو ئەو و ژنە ڕۆمانووسو سەرۆكی (PEN)ی ئەرژەنتینی خاتوو ئەلیشا جورادوی لەگەڵیابن، لە ناو فرۆكە یان لە ئوتێلو ئەو شوێنانەی بۆی دەچن ئەم سیانە بەردەوام لە مشتوومڕی ئەدەبیو ڕووناكبیری ناكەون، خودی بۆرخیس تەوەری سەرەكییەو بارنستۆنیش بەم جۆرە بەرجەستەی حاڵەتە سایكۆلۆژیو ئینسانییەكانی بۆرخیس دەكات:

((جارێك جیدیو تاوێك قۆشمەو گەپباز، جارێك خەمبارو تاوێكی دی دڵخۆشو سادە. داناییەكی پڕ، سەرسەختێك. ڕووخۆشو نەرمونیانو بەتاسە. بەردەوام مەزاجی وەك دەموچاوی دەگۆڕا. كە قسەی لەسەر دەستە بژێرەكانی خۆی دەكرد لە بابەتی هیگدا كلیتس، تیشرتون، سۆفۆكلیس، میلتون، ئیدی ئەو نوێخوازە بوو كە زمان ناتوانێت ڕیزبەندی بكات. كە شیعری ورد زۆرسم بۆ خوێندەوەو، پاشان قەسیدەكەی فرۆست ((نەدوورەو نە لە قووڵیدایە)) ئەو دێڕانەی دەوتەوە كە حەزی لێ دەكردن، دەنگی وشەكانی پڕ دەكرد. دەستەواژەكەی جوون دن (oh, my american)ی خۆشدەویستو ناوی لێ نابوو ((شیعری پەیامبەرانە)).

بارنستۆن گەلێك ئەزموونی خۆی لەگەڵ بۆرخیسدا باس دەكات، بەتایبەتی ڕای تایبەتی خۆی بەرانبەر بە بۆرخیسی داهێنەرو وەك كەسایەتییەك كە ئەم تەواو لە ڕەفتارو ئاكاری تێگەیشتووە. لەم بارەیەوە دەڵێت:

((كە تۆ لەگەڵ بۆرخیسدا بیت وە ك ئەوە وایە لەگەڵ قوستەنتین كافافی یان واڵت ویتمانو سافۆ یان سان جوان دیلا كروز یان وانگ وی و ئەنتۆنیو ماتشادو دابیت... من ئەو شتە زۆرەی لە بۆرخیسەوە فێربووم

تاڕادەیەك لـە كتێبـەوە فێـر نـەبووم.. دیسان دووبـارەی دەكەمـەوە كـە دەنگـی خـودی بـۆرخیسو دەنگـی سـەر لاپەڕەی نووسینی هەریەك شت بـوون، ئەگـەر لاپـەڕەیش نەبوایە دەنگی شەخسیی ئەو دەنگی ئەدەب بوو. دەنگی دانایـەك بـوو، تـەواو وەك ئـەو دانـاو زانـا كـە مانـەی لـە جیهاندا هەن)).

بـەڕای مـن ئەمـە مـەزنترین ئاكـاری هەرنووسـەرو ڕووناكبیرێكە كە لە بۆرخیسدا بەدی هاتووە. نووسـەر لـە ژیانی تایبەتیو هەڵوێستی ڕۆژانەیدا دەبێت ئەوەبێت كـە لە بەرهەمەكەیدا دەری دەخات، پێچەوانەی ئەم ڕاستییە دۆڕاندنی بەشێكی گەورەی ڕاستگۆیی ئەو هونەرمەندەیـە چەند داهێنەریش بێت.

ئەگەرچـی وتاربێژییەكـەی بـۆرخیس لـە قورتووبـە سـەرناگرێت، بـەڵام هەنـدێك یـادەوەریی جـوان لای هـەموویان بـەجێ دێڵێـت، بەتایبـەتی دیمـەنی خـودی شـارەكە كـە بەپێـچەوانەی گـەلێك شـاری تـری ئەرژەتینەوەیە، زۆر كڵێسەو ئاپارتمانی كۆلۆنیـالی تیایـە، قورتووبە شارێكی ناسكو جوانـە، لـە شـوێنەواری دیـوارو خـشتییەوە دەردەكـەوێت كـە پادشـاو ڕاهیبـەكانی تیـا نیشتەجێ بوون، فوارەو گوڵو بـاخو باخـاتی زۆری تیایـە كە بۆ ئەوە دروسـتبوون لـە ژێـر سـێبەری درەختەكانیـدا بنوویتو كە بە ئاگا هاتیتـەوە دەزگیرانەكـەت هـەڵاتبێت، بەڵام خەوەكەت هێند خۆشە كە حەز بە هەستان نەكەیت تا ئەو كاتەی هەست دەكـەیت دڵدارەكـەت هاتۆتـەوەو وا لە ئامێزتایە.

بارنستۆن لە بەشـی (ئـەوەی سـینیكا لـە تاكسیەكەی شیكاگۆدا وتی) بە درێژی باسـی سـەفەرێكی بـۆرخیس بـۆ ئەمریكا دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

دەبـوو بـۆرخیسو ماریـا لـە بـوینس ئایرسـەوە بگەیـشتنایەتە نیویـۆرك، دەبـوو منـیش نزیكـەی مانگێـك لەگەڵیاندا بم.

ساڵی 1980یەو بارنستۆن لـە فرۆكەخانـەی كەنـەدی چاوەڕێیانە، فرۆكەكە بۆ ماوەی سەعاتێك لـە كـاتی خـۆی دواكەوتووە، دوا سەرنشین كە ماریـاو بـۆرخیس لـە فرۆكـە دێنە خواریو بارنستۆن پێیان دەڵێت: ساڵێك بـە سـەر دوا دیدارمانـدا تێپـەڕیوە؟ بـۆرخیس وەڵامـی دەداتـەوە: ((نەخێر. چوار ساڵە))

((هەر بە ساڵێك دەچێت))

لێی دەپرسێتەوە: ((ئایا هێشتا جێگا نەرمو شـلەكەت لە نزیك ئاوێنەكانەوە بۆ ئامادە دەكەنو لە نیـوەی شـەودا شـەربەتی گـەرمی شـیرینیت دەدەنـێ تـا بتوانیـت لەسـەر قسەكردن بەردەوام بیت؟))

((ئـەوان بـەردەوام بـەڕێزو دڵـسۆزن لەگـەڵ ئاشـنا چاكەكەیاندا، ئەم پیرەمێردە))

((خۆش هاتیت بۆ نەخۆشخانەی قەدیس جیمس)) كـە بۆرخیس دێتە خواریو دەوەستێت بارنستۆن چەند بەیتێك لە شیعرێكی كۆیفیدوی بە گوێدا دەچرپێنێت. ئـەو شـیعرە مەزنەی بە ناوی (ژیان بە فرمێسكو پیسایی دەسـت پـێ دەكات)و بۆرخیسیش بەیتەكانی لەگەڵدا تەواو دەكات.

كە بارنستۆن پێی دەڵێت ئەگـەر مـن بڕۆیشـتمایەو وام بزانیایـە ئێـوە لـە فرۆكـەدا نـینو بـە تـەنیا بمانایەتـەوە چـی ڕوویدەدا؟)).

بۆرخیس لـە وەڵامـدا شـیعرێكی لیركـی دەخوێنێتـەوە كـە لەگەڵ شاری قەدیس جیمسدا دەگونجێت:

لێگەڕێ با بڕوات، بڕوات، خـودای لەگـەڵ لـە هـەر كوێیـەك بێت

دەتوانێت هەموو ئەم دنیا هەراوو فراوانە  بپشكنێت

كەسی وەكو منی دەست ناكەوێت.

ئێستا كە دەمرم دەمەوێت پێڵاوێكم لە پێ بكەن.

قەیتانەكانی كرابێتنەوە

پاڵتاوێكی كەشخەو كڵاوێكی ماركەی سیتسون

پارچە زێڕێكی بیست دۆلاری بكەن بە سەعاتەكەمەوە

بۆ ئەوەی منداڵەكان بزانن كە من بەپێوە مردووم.

بۆرخیس حەزی لە گفتووگۆیـە، لـە هـەر جێگایەكدا بێت. بارنستۆن ئەمە دەزانێت، بۆیـە كـە دەگەنـە شـیكاگۆو سـواری تاكسی دەبن (بارنستۆنو ماریـاو بـۆرخیسو مـارجوردی بانـل)

بارنستۆن دەرگای قسەکردن لەگەڵ شۆفێرەکەدا دەکاتەوەو ناونیشانی ئەم بەشەیشی (ئەوەی سینیکا لە تاکسیەکەی شیکاگۆدا وتی) هەر لە وەتەی شۆفێرەکەوە هاتووە.

بارنستۆن سەرەتای قسەکردنەکە بە پرسیارێك لەگەڵ شۆفێرەکەدا دەکاتەوە:

((تۆ خەڵکی شیکاگۆیت؟))

((نەخێر، تەنیا لێرە کاردەکەم، ئەی ئێوە؟))

((بۆرخیس‌و خاتوو کوداما ئەرژەنتنین، مارجودی خەڵکی بوستنە، منیش ئیندیانا)).

((باشە، کەواتە ئێوە گەشتیارن، منیش ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ئەوروپا بووم، ئایا ئێوە ڕێتان تێکەوتووە؟))

((کەی لە ئەوروپا بوویت؟ لەوێ چیت دەکرد؟

((سەرباز بووم، سەربازی رووت، لە شەڕدا))

((هیچ کارێکی سەربازیت ئەنجام داوە؟))

((بەڵێ، بێگومان سەربازی پیادە بووم، ساڵی 1944 دوای چوار ڕۆژ لە گەیشتنی هاوپەیمانان چوومە باکووری فەرەنسا))

((شەڕ لە چی دەچوو؟))

((گوێ بگرە برا، بەداخەوە، من سەرەتای ئەم باسەم دەست پێ کرد، بەڵام من باسی ئەوە ناکەم کە دیومە))

((مەبەستت...))

((مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی نامەوێت باسی ئەوە بکەم کە ڕوویدا، چونکە بیری لێ ناکەمەوە)).

((بۆ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ڕوویدا؟))

(( دەتەوێت بیزانیت، باشە، دەزانم پێتان خۆشە باسی بکەم، قەیدی نییە، بە سێ چوار وشە پوختەی ئەو وێنە نەفرەت لێکراوەتان دەدەمێ. بیر لە شەڕ ناکەمەوە، لە هەموو ئەو شتانەیش کە لە رابووردوودا ڕوویانداوە، چونکە یادەوەری دۆزەخە)).

لەوکاتەدا بۆرخیس دەستی بارنستۆن دەگوشێت‌و بە دەنگی نزم پێی دەڵێت ئەو پیاوە سەرباز بووەو هەموو تاڵییەکانی چەشتووەو مەینەتیەکانی دیووە، ئێستا ڕقی لەو یادەوەرییە، یادەوەری دۆزەخە، دۆزەخە، دەبوو ئەم وشانە سینیکا بینووسینایە.

لە گەڕانەوەیاندا بۆ زانکۆی ئەندیانا کە شوێنی بۆرخیس‌و ماریای لێیە، لەو نیوە شەوەدا جارێکیتر تووشی شوفێرێکی لەو بابەتەی پێشوو دەبنەوە، ساڵی 1980 کاتی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکایەو ئەمانیش لە ناو تاکسییەکەدا بەردەوامن لە مشتومڕی ئەدەبی‌و ڕووناکبیری بەتایبەتی کە دوای ئێوارە کۆڕەکەی بۆرخیسەو هێشتا گەرمابیان تیاماوە، شۆفێرەکە کە بالآی لە بۆرخیس بەرزترەو زۆر بە سۆزەوە لێی دەڕوانێت، ڕوو لە بۆرخیس دەکات‌و پێی دەڵێت:

((بەڕێز نازانم ناوت چییەو کێیت، بەڵام بۆ بیر لەوە ناکەیتەوە کە خۆت بۆ سەرۆك کۆماری هەڵبژێریت؟ ئێمە پێویستمان بە یەکێکی وەك تۆیە)).

وەك بارنستۆن دەڵێت: ((جارێکی تریش سینیکا قسەی کردەوە)) لە دانیشتنێکی تایبەتی ماڵی بارنستۆندا کە تەنیا خۆی‌و هیللی ژنی‌و بۆرخیس‌و ماریای تێدایە گەلێك باسیتر دەکرێت کە تەوەری زۆربەیان ئەدەب‌و هونەرە، بەتایبەت لەو دانیشتنەدا باسی مۆسیقای یۆنانی دەکرێت کە هیللی عاشقیەتی، بەتایبەتی (ریمبیتیکا) کە سەمایەکی میللییەو تایبەتە بەو ناوچەیەی هیللی تیا لە دایکبووە، بەڵام بۆرخیس بە ئەندازەی هونەرەکانی دی لە مۆسیقا شارەزانییەو تاڕادەیەکیش بایەخی پێنادات.

هیللی شریتێکی ریمبیتیکای دەخاتە سەرو لەگەڵ بارنستۆندا سەمای لەسەر دەکەن، پاشان ماریایش لەگەڵیاندا سەما دەکات. وەك بارنستۆن دەڵێت: بۆرخیس هەموو شتێکی بە چاوە نابیناکانی دەبینی، مۆسیقاکە مەستی کردبوون. ڕوانینەکەی بۆرخیس لێوان لێو بوو لە چێژوەرگرتن، ماوەی سەعاتێك گوێی لە مۆسیقای ((ریمبیتیکا))گرت، وشەکان کاریگەریی زمانی کۆنی ئیسپانیان تێدایە، بەلآم بێ تێگەیشتن.

هـەردوو چـاوی بـۆرخیس ئەمەنـدە ڕامـابوون هەسـتت دەکرد کە تەواو سەرخۆشە.

دوای چـەند سـاڵێكو لـە جنیـف، بـۆرخیس لـە شیعرێکی پەخشاندا ئەو یادە مۆسیقییە باس دەکات:

((ئەمـشەو، دوورنـا، لـە لووتکـەی قـەدیس بـییر، موسـیقایەکی سـەیری گریکـی لێ دەدرێـت کـە پـڕە لـە سەرکێـشی، ئـەو مۆسـیقایە زوو بـۆی دەرخـستین کـە مەرگ درۆزنـترە لـە ژیـانو ڕۆحـیش هـەر بەردەوامـە بـا جەستەیش لە پەشێویدابێت)).

بـۆرخیس کـە کاریگـەریی زۆری کافکـاو هایینـەی شاعیری ئەڵمانی لەسەرە لە بارنستۆن دەپرسێت:

((دەزانیـت بـۆ هایینـە لـە ڕۆژانـی دوایـی تەمەنیـدا حـەزی بـەوە بـوو میوانـداریی ئەڵمانییـەکان بکـات لـە ئاپارتمانەکـەی پاریـسیدا، ئـەو کاتـەی لـە نـاو پێخـەفی مەرگدا بوو؟)).

((بەراستیی نازانم، ڕەنگـە تاسـەی ئـەو بۆنـە خۆشـە کۆنەی کردبێت کە لە چێشخانە ئەڵمانییەکاندا هـەبووەو، ویـستبێتی لێـرەو لـەوێ قـسە لەسـەر پاشـاو سۆسـە چ بکەن))

((دەزانیت هایینە لە بەر ئەوە تەنگی پێ هەڵچنراوەو سووکایەتی پێ کراوە چونکە یەهودی بووە، یـان بـەهۆی یەهودییەتیـەوە بـووە، بۆیـە وەك زۆربـەی یەهودیـە دیارەکانی سەدەی نۆزدە دەبوایـە ئـەزموونی گـۆڕانێکی دەمامك کارانەی بکردایە. ئـەم حاڵـە بەسـەر دیساراللیو هەندێکیشی بەر مارکسو ماندیلسۆن کـەوتووە. لـە بـیرت نەچـێت کـە ماندیلـسون نـەوەی حاخامـە بەناوبانگەکـەی شانۆگەریەکەی شیلەر (ناتانی دانا)یە))

((کەواتە بـۆ هایینـە دەیویـست گەڕاڵـە ئەڵمانییـەکان ببینێت؟))

((بـۆ ئـەوەی بـەردەوام ئـەوە فـەرامۆش نـەکات کـە هەرگیز ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا نابێت)).

بۆرخیس گەلێك جـار لـەوە دواوە کـە لـە سـەردەمی لاویەتیدا لە جنیف شاعیری هەڵبژاردەی بریتـی بـوون لـە والت ویتمانو هنـریش هایینـە، بەتایبـەتی دووەمیـان بـۆ ئەو نموونەیەکی بەرجەستەی زمانی ئەڵمانی بووە.

((بـۆرخیس زۆر عاشـقی زمـانی ئـەڵمانیو شـاعیرو فەیلەسووفەکانی بووە، کافکایشی بە نموونەیـەکی بـاڵای پەخشانی فانتازی داناوە)).

لـە وتاربێژییەکیـدا کـە سـاڵی 1983 لـە نیویـۆرك لەسەر کافکا داویەتی، بۆرخیس وای دەبینێت: ((هـەموو نووسەرێك پێشووەکەی خـۆی دروسـت دەکـات، چـونکە کارەکـەی تێگەیـشتنی ئێمـە بەرانبـەر بـە ڕابـووردوو دەگۆڕێت، وەك چۆن داهاتوویش دەگۆڕێت)).

بـۆ نموونـە قەسـیدەکەی ڕۆبـرت بـراونینگ (تـرسو خولیا) لە یـەکێك لـە چـیرۆکەکانی کافکـادا لـە سرووشـی پەیامبەریانـە دەچـێت، بـەڵام خوێندنـەوەمان بـۆ کافکـا گـۆڕان و پاکـژی بەسـەر خوێندنـەوەی قەسـیدەکەدا دەهێنێت.

بارنستۆن دەڵێت: ((لە ڕاستیدا کاریگەریی کافکا لەسـەر شێوازو زمانو ڕۆحی بۆرخیس لە هەر نووسەرێکی دی زیـاتر بـووە، کافکـا نموونەیـەکی سـەرەتایی بـۆرخیس بـووە کـە نەیتوانیوە بە تـەواوی خـۆی لێ دەربازبکـات. سـاڵی 1938 چاپی یەکەمی کارەکانی کافکای وەرگێڕاوە بـۆ سـەر زمـانی ئیـسپانی، هـەر کافکـایش بـووە بۆرخیـسی لـە شـاعیرەوە کردووە بە نووسەری کورتە چیرۆك.

کە بارنستۆن ساڵی 1985 دەچێت بۆ چینو لـەوێوە کار بۆ ئـەوە دەکـات کـە بۆرخیـسیش بـڕوات بـۆ ئـەوێو یەکتر ببینن، بارنـستۆن لـەوێوە لەگـەڵ بۆرخیـسدا قـسە دەکات تابزانێت بڕیاری چـوون دەدات یـان نـا. بـۆرخیس چوونەکەی پێ خۆشەو بینینی چین بە خـەونێك بـۆ خـۆی دەزانێت، بۆیە وەڵامـی دەداتـەوە: ((بێگومـان دەمـەوێت بـێم بـۆ چـین، بـۆ وادەزانیـت نایـەم، بـۆ شـێتم ڕەنگـە وابزانیت من چنگو تاوتی چنگ (خەونی بـەردی سـوور)م نەخوێندۆتەوە؟ وادەزانیت کتێبـی تـاوو بـودای پیرۆزیـان (شورای گەورەی چین)ی کافکام نەدیوە یان کردارەکـانی شیە هـوانگ تـی، کـە کتێبـی دەسـووتاند؟ لەوانەیـە بـە

خـەياڵتا بێـت کـە مـن لـە توونـاو توونەکـەی کۆشـکی ئیمپراتۆری زەرد نازانم؟)).

بارنــستۆن لــە تەلەفوونەکەیــدا هــەواڵی (فــانی) دەپرسێت کە کارەکەرێکی هیندیی بۆرخیسە، خـواردنی بـۆ ئامـادە دەکـاتو بۆینبـاخی بـۆ دەبەسـتێتو قـژی دادەهێنێـت. بـۆرخیس فـانیی خـۆش دەوێـتو بـە وێنەیـەکی شـیعریی دیـاردە سروشـتییەکان نـاودێری دەکات. بۆرخیس دڵخۆشە بەوەی کە هەندێك جار فـانی دەم لــە مەســەلەی تیولــۆژی دەداتو ڕای ســەیری لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە ڕۆژێك لـە بـۆرخیس دەپرسـێت دەشێت ژاپۆنییەکان خوایان داهێنابێت. بـۆرخیس لێـی دەپرسێت: چی ئەم بیرۆکەیەی لا دروست کردیت؟ فانی وەڵامــی دەداتــەوە: مــن وادەزانم ڕەنگــە ژاپۆنییــەکان خوایـان داهێنابێـت، چـونکە ئـەوە دەزانم کـە ئـەوان گوڵیان داهێناوە.

سەفەرەکەی بۆرخیس بۆ چـین سـەرناگرێت، چـونکە لـەو ماوەیـەدا تووشـی نەخۆشـی شـێر پەنجـەی جگـەر دەبێت. بارنـستۆن لـە دوابەشـی یاداشتەکەیدا کۆمـەڵێك یادەوەریی تر لـە بـارەی بۆرخیسەوە دەگێڕێتـەوە: رای بــۆرخیس لــە ســەر مــەرگو گــەڕان بــەدوای مانــاو نهێنییەکانیدا. مەسەلەی بڕوانەبوونی بە نەمریی جەستەو ڕۆح، ناسینی خود، ژیانی منداڵیو مەیلەتایبەتەکانی، ئەو ژنانــەی لــە گەنجیــدا خۆشــی ویــستوون، کۆچــەرە ئیتالییەکان چۆن سەمای تانگۆیـان کـردووەو بـە کـۆڵانو شەقامی بۆینس ئایرسدا گـەڕاون، ئـەو باسانەی لەسـەر میلتــۆنو دانتــی کردوونــی کــە سەرســام بــووە بــە هەردووکیانەوە بەتایبەتی میلتۆن، یەکەم ناسینی ماریـاو ژیان لەگەڵ ئەو کچەدا کە زۆر لـە تەمـەنی خـۆی منـداڵتر بووە، وەك بارنستۆن دەڵێت ماریا بۆ ماوەی بیست ساڵ چاکترین هاوڕێی بووەو بۆرخیس بـە تـەواویی پـشتی پـێ بەسـتووە ، ئـەو کتێـبو نووسـینی بـۆ خوێندۆتـەوەو چـیرۆكو شـیعرو بەرهـەمی کـۆپی کـردووە، کاروبـاری سـەفەری بـۆ ئـەنجام داوەو خواردنـەکانی بـۆ ئامـادە کـردووە، لـە دیـدارو وتاربێژییەکانیـدا لەگەڵیـدا بـووەو بــۆرخیس چــەند قەســیدەیەکی خۆشەویــستی پێشکەشکردووە.

دوا سەفەری بـۆرخیس لەگـەڵ ماریـادا سـاڵی 1986 بوو بۆ جنێف کـە بـۆ دواجـار ئـەرژەنتین بـەجێ دێڵێـت، جنێف یەکەم سەفەری گەنجیو دوا سەفەری مەرگیـەتی، لەوێ و لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەمدا خوێندوویـەتی، زمانی ئەڵمانیو فەرنسی فێربووەو بە ئیسپانیش دەسـتی بە نووسین کردووە. ئەمجارەیان هەر لەوێ هاوسەرگیریی لەگـەڵ ماریـادا دەکـات، بـەڵام ئـەو کاتەیـە کـە ئیـدی بۆرخیس زۆر لـە مەرگـەوە نزیکـە، لـە تـەلارێکی خۆشـدا پێکـەوە دەژیـن، ماریـا ئاگـاداری هـەموو شـتێکیەتیو هـاوڕێی سـەرەمەرگە. دوای مردنـی بـۆرخیس کێـشەی گـەورە بـۆ ماریـا دروسـت دەکـەن گوایـا هاوسـەرگیرییو وەسیەتەکەی بۆرخیس دروستکراوە. چـاپەمەنییەکانی ئەرژەنتین بۆ ماوەی چەند مانگێك هێرشی دەکەنە سـەرو بۆختانی بۆ هەڵدەبەستن، بەڵام هەوڵەکان ناکام دەرچن.

ماریا لە یاداشـتی دوا چرکەسـاتی مـەرگی بۆرخیـسدا دەنووسێت:

((بــۆرخیس وەك لــە جەژنــدابووبێت وابــوو، زۆر شەفاف، بوێرانەو بـە دڵخۆشـییەوە پێشوازیی لـە مـەرگ کرد)).